# دوکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین/
# شەهیدکردنی مەشعەل تەمۆ،
# ڕەهەندێکی نوێی بە ئیرادەی کورد بەخشی!

لەو ڕۆژەی حزبی بەعسی عەرەبی، بەکودەتایەکی سەربازی و بەزەبری هێز و تۆقاندن، خۆی بەسەر جەماوەرو دەستەڵات و حوکمی سوریادا سەپاند، ئیدی لەبەر ڕۆشنایی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکەیان، خواست و ئامانجی شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستەکەیان بەرجەستەکردووە و لەسەر دوو تەوەری سەرەکی هەنگاویان بۆ بەدیهێنانی ئەو بەهەشتە درۆینە ناوەکە حزبی بەعسی لەپێناودا دامەزراوە، یەکەم: لەسەر ئاستی کۆمەڵا و کار و چالاکی سیاسی و حزبایەتی هەوڵی تاکڕەویانەیداوە و پەنجەرەی دیموکراتی و دەرگای ئازادییان خڕ بەرووی هەموو ئەوانەدا داخست کەبەعسی نەبوو یاخود نابن بەبەعسی، نان بڕاویان کردن و مەودای ژیانی بەختیاریان بەرروودا تەسککردنەوە. دووەم: بەپێی باوەڕی حزبەکەیان، پەیڕەوی سیاسەتی جیاوازی نەتەوەیی، لەنێوان پێکهاتەی گەلانی سوریا کرد، بەتایبەت سەبارەت بە نەتەوەی کورد لەسەر خاکەکەی خۆی، سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەز بیان بەرانبەری بەکارهێنا و لەکەمترین ئازادی و مافی مرۆڤ بێبەشکرا و تەنانەت: نەیانهێشت مناڵانی کورد، لەقوتابخانەی بنەڕەتیدا بەزمانی زگماکی خۆیان بخوێنێن و لەرەگەزنامەی هاوڵاتی سووری بێ بەشکراون، بەچاوی هاوڵاتی پلە سێ و بێگانە تەماشاکراون، بۆیە: نەتەوەی کورد لەرۆژئاوای سوریاو سوریا لەهەموو تاك و توێژ و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی دی زیاتر مافی خۆیەتی بەرگری لەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی بکات و هەوڵی بەدیهێنانی ئایندەی گەشی خۆی لەدروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستانی رۆژئاوا بدات.. هەڵبەت هەڵکردنی باهۆزی ئازادی و شەپۆلی هۆشیاریی بەهاری عەرەبی، زەمینەیەکی خۆش و لەبارە، بۆ ئەوەی ئەمجارەش کورد دەرفەتەکەی لەدەست نەچێت و بەخواست و خەونە دێرینەکانی بگات و ئیرادەی جەماوەری بەشمەینەیش بەسەر زوڵم و زۆرداری دەستەڵاتی تاکڕەوانەی بەشار ئەسەدی بەعسیدا سەرکەوێت!.. هەنووکە جەماوەری ماف پێشێلکراوی رۆژئاوای کوردستان، لەهەموو شار و شارۆچکەکاندا لەبزوتنەوەیەکی سیاسی و شارستانانەی سەردەمدان و بەشێوازێکی ئاشتیانەی دوور لەتوندوتیژی ڕژانە سەر شەقامەکان و بەرووی حوکمی تەعەسوفی ( ئەسەد و حزبی بەعس)دا ڕاپەرین و هێمنانە داوای ئازادی و مافی مرۆڤی کوردیانکرد.. ئەوەبوو لەسەرەتادا حکومەتی سوریا، پەنای بردە بەر فرت و فێڵا، ویستی

بەناوی ئەوەی: دانوساندن لەگەڵا کورددا ئەکات.. کورد لەسەرجەم راپەڕینی خۆپیشاندەرانی جەماوەری سوریا دابڕێت.. وەلێ ئەو هەنگاوە چاو و راوانەی سەرنەکەوت.. دواتر وەڵامی خۆپیشاندەرانی کوردی لەشارە کوردییەکاندا بەهەڕەشە لێکردن و تۆقاندن و بەکارهێنانی توندوتیژی دایەوە.. دیارە ئەوەش نەهجی هەموو حوکمڕانێکی تاکڕەو و دیکتاتۆر و دژ بەمیللەتە.. تا حاڵا گەیشتە ئەوەی، حکومەتی سوریا بەمەبەستی تۆقاندنی خەباتگێڕان و میللەتی کورد، پەنا بۆ بەکارهێنانی پوچەلترین و نابووتترین چەکی سیاسی و هێزی کردەیی بەرێت، ئەویش: شەهید و تیرۆرکردنی کەسایەتییە چالاك و ناودار و بەرپرسانی کۆمەڵا و حزبە سیاسیە کوردییەکانە، ئەوەبوو رۆژی هەینی ٢٠١١/١٠/٧ لەتاوانێکی قێزەوندا چالاکوان و سیاسەتمەداری هوشیاری کورد (مەشعەل تەمۆ) لەماڵەکەی خۆیدا لەشاری قامیشلۆی خۆشەویست، لەلایەن ئەمنەکانی رژێمی بەعسی سوریا شەهید کرا ئەو سەرکردەیە وتەبێژی رەوتی ئایندە و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوو، ئەو جینایەتەی حکومەتەکەی بەشاری بەعسی بەرانبەر کورد ئەنجامی دا، ئاکام بەزیانی حوکمی دیکتاتۆر و رژێمە خوێنڕێژەکەی سوریا تەواو ئەبێت، ئەوەتا دوای شەهیدکردنی (مەشعەل تەمۆ (ریزی تێکۆشەر و سیاسیەکانی کورد و ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەری سوریا بەهێزتر بووە و لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی شەپۆلی دەنگی نارەزایی بەرانبەر بکوژانی شەهید (تەمۆ) بەرز ئەبێتەوە و قەزییەی ماف و ئازادی کورد، رەهەندێکی گەش‌و نوێ بەخۆیەوە ئەبینێت، بۆ هەموو دنیا دەرئەکەوێت، بەشار ئەسەد و رژێمی بەعسی سوریا توانای چاکسازی لەسستمی دەستەڵاتەکەیدا نییە و هەرچی ئەیڵێت، بۆ کات کوشتنە، چونکە بەشار و رژێمەکەی تەنیا بڕوایان بەوە هەیە: وەڵامی داخوازی جەماوەر بەئاگر و ئاسن بدەنەوە.. بۆیە: بەرانبەر شەهیدکردنی تەمۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شەپۆلی نارەزایان دەربڕی ..فڕەنسا و ئەمەریکا و کاسرین ئاشتۆن ریکخەری باڵای سیاسەتەکانی دەرەوە و ئاسایشی رێکخراوی یەکێتی ئەوروپا بەتوندی ئیدانەی تیرۆرکردنی شەهید مەشعەل تەمۆیان کرد.. بۆ ئەو ڤیتۆیەی روسیا بەکاریهێنا بۆ ئەوەی ئیدانەی رژێمی سوریا لەئەنجومەنی ئاسایش نەکرێت، هەڵوێستێکی نێگەتیڤانەبوو، هانی ئەسەدی دا زیاتر سووربێت لەسەر ئەوەی توندوتیژی و ئاگر و ئاسن بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینی جەماوەری گەلانی سوریا بەکاربهێنێت و ئازادی و مافی مرۆڤ پێشێلبکات . هەقە روسیا و چینی میللی و کوباش، بەهەڵوێست و سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە، چیدی پشتگیری کەسانی دیکتاتۆر و رژێمێك نەکەن دژی خواست و ئیرادەی گەلەکەیان بن

.

**زانکۆی سەڵاحەدین**

**Friday, October 14, 2011**

سەرچاوە: هەواڵ